# هەناسەکانی منداڵی

## (عومەر جەلا ل )

بەچەند دڵۆپە فرمێسکێک
پە نجەرەیەك لە منداڵی دەکەمەوە
بەچۆڕێك تریفەوە
بەکەمێك پاکی ئاو
بەبۆنی تەڵێك نێرگز
بەتوڕە بونی با
بەلەت لەت بوونی باران
ئاشنا دەبمەوە بەمنداڵی و
نەفرەت دەکەم لە گەورە بوون
ئیدی نامەوێ عەشق ببینم بە ڕووخاوی
باخچە ببینم بەبێ گوڵ
ئێوارە ببینم بەتەنیایی
ژیان ببینم بە بێ شیعر
گەورە بوون
خەیاڵی فڕینی لێ سەندمەوە
ڕوانینی منی بۆ بەفر ڕەش کردەوە
بێ هودەیە
دانیشتن لە بەردەم هەتاو
ڕاکردن لەدەست تارمای
ژیان دووبارەبوونەوەی پەیڤێکە لە زمانی لاڵێکدا
ژیان ئاوێتەیەکە لەڕەنگی بێڕەنگی
ئاه
چەندجوان بوون کوفرەکانی منداڵی
جوانتر لە عیبادەتی گەورە بوون
چەند بە چێژ بوون ئازارەکانی منداڵی
ناسك تر لە شادی گەورە بوون

دەمەوێت بەیانییەك بەخەیاڵی منداڵی
دەستی تیشكێك لە ڕۆژ بگرم
بۆنی كۆڵانەكانی منداڵی بكەم
هەڵماتە ڕەنگاو ڕەنگەكانم بدۆزمەوە
خەونەڕەش و سپییەكانم تەفسیر بكەم
گومانی بەجێماوی هاوڕێكانم هەڵگرمەوە
لەترسی مامۆستا دڵرەقە ئاكر بەدەستەكان
لەبەرزی دیواری قوتا بخانەوە
خۆم شۆركەمەوە وەكو ئاو
بۆیەكەمین وانەی فێر بوون
وانەی فڕین
هەنووكە گێرفانەكانم پڕن لەترسی منداڵی و خاڵی لە ئایندە
چاوەكانم پڕن لە گەڵای پایز و خاڵی لە بینینی بەهار
هەمیشە خەیاڵ دەمباتەوە بۆ ڕاوەستان لەبەر باران
وای بۆ منداڵی بە پەلە جێی هێشتین
كەم بوون گەمەكانی
بەئەندازەی چاو داخستن و كردنەوە
لە چاو شاركێدا
منداڵ سەفەرێكە پڕ لە گوومان
پڕ لە گریان

Omargalal2004@yahoo.com

2005 / 7 / 1